# بۆ مەسیفی کە هاوڕێ نەبووین

ئەحمەدی مەلا

تۆ هاوڕێم نەبووی، چێژم لە شیعرەکانیشت وەرنەدەگرت. یەکترمان بە باشی نەدەناسی، بەڵام هەر جارێک گەڕابێتمەوە وڵات دەستی یەکترمان گووشیوە و قەڵس نەبووینە بە یەکتر بینین. ئەمەش گرینگە لە نێوندی ڕۆشنبیریی لای ئێمە. دوا کۆڕی شیعریم لە باخچەکەی یەکێتی نووسەران سازدا و ئەمجارەش و هەمیشە تۆ دەهاتی بۆ ئەوەی گوێ لە شیعرەکانم رابگری. دوای خوێندنەوەش هیچت پێ نەدەوتم و ئەمەشم بە دڵ. ئەم بێدەنگییانەم زۆر لە لا گرینگتر بوون لە شتی دی.
بەڵام ئەمجارەیان بۆ ڕۆژی دوایی لە بارەگای یەکێتی نووسەران توانجێکت لێ گرتم. هەستم کرد ئەم شیعرە نوێیانەمت بە دڵ نییە. منیش تا ڕادەیەکی زۆر لە گەڵتام، چونکە ئەم فەوزا دەم هەراشەی لای ئێمە دژ بە شاعیر ئیش دەکات. بە تەواوی دژ بە شاعیر ئیش دەکات. تۆش هەر وەکو من حەزت دەکرد تەنها هەر شاعیرێک بوویتایە بەڵام لە ئاووهەوایەکی دی!
شیعرەکانت تەعبیرێکی تەواوی لە لێکترازان و هەڵوەشانەوە و پەرت بوون دەکرد وشەکان ئاوارە و بێ ساحێب بوون. لە وشەی کوردی بێ ساحێب تر لە سەرتاپای زمانانی دونیا. هەر وشەیەک بە دە ڕێنووس دەنووسرێ هەر ڕێنوسێ تەنها دە کەس پەیڕەوی دەکات. ئەمە دونیان ئێمە بوو، ئەمە دونیان ئێمەیە، هەڵبەتە دونیای شیعری تۆش بوو.
توانجەکەتیش ئەمە بوو :" وەڵا بابە کوردایەتیت لە لا زیندوو کردینەوە!" داوای لێبوردن لە گشت لایەک دەکەم و دەڵێم مەبەستم زیندوو کردنەوەی کوردایەتی نەبوو، مەبەستم شیعر نووسینیش نەبوو، هاوارێک بوو لە قورگی مێژووە و دەکەوتە بەر ژێی گەرووم و دەیتاساندم، دەیسووتاندم...
ئەمجارە، نازانم کەی دەگەڕێمە خانە خراب و جارێکی دی هەندێ وشە دەخوێنمەوە کە گەروویان سووتاندبێتم و ئەمجارەیان تۆ نایەی و کورسییەکەت بەتاڵ دەبێت و دەستی یەکتر ناگووشین و بە بێ موجامەلە حەز لە شیعری یەکتریش ناکەین.
ڕۆیشتی و ئەم فەوزایەت جێ هێشت و گەڕایتەوە نێو فەوزای یەکەم.